مالیکی پیرۆزبایی لە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکات



نووری مالیکی سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، بە بۆنەی سالیادی دامەزراندنی پۆلیسی عێراق پیرۆزبایی لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کرد.

مالیکی لە تویتێکدا لەسەر پلاتفۆرمی (ئێکس)، نوسیویەتی" بەبۆنەی سالیادی دامەزراندنی پۆلیسی قارەمانی عێراقی، گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی هەموو ئەندامانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەکەین.

هەروەها گوتی" لەم ڕۆژە شکۆمەندەدا، قوربانی وهەوڵە گەورەکانتان بەبیر دەهێنینەوە کە جوانترین وێنەی قارەمانێتی و دڵسۆزیتان وێنە کردووە، ئێوە گیانی خۆتان بەخت کردوە بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی وڵات و سەلامەتی هاووڵاتیانی، وەکو بەربەستێکی پتەو لە بەرامبەر تێرۆرددا و مەترسیەکان وەستاون.

مالیکی وتی: قوربانیدانەکانتان وەک مەدالیای شەرەف لە مێژووی عێراقدا و لە ویژدانی نەوەکانی داهاتوودا دەمێننەوە.

لە کۆتاییدا وتی: داواکارین لە خودای گەورە بتانپارێزێت و شکۆمەندیتان بەردەوام بێت، هەروەها سڵز و بڕێزی بۆ گیانی بەرزە فڕی شەهیدان کە لە پێناوی نیشتمانداگیانیان بەخت کرد.